# ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- ئامۆژگاریمانی دەکرد لە ڕۆژانی پێنج شەممەدا

لە شەقیقی کوڕی سەلەمەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: «ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- ئامۆژگاریمانی دەکرد لە ڕۆژانی پێنج شەممەدا، پیاوێک پێی ووت: ئەی ئەبو عبدالرحمان، حەز دەکەم هەموو ڕۆژێک ئامۆژگاریمان بکەیت، ئەویش (ئیبن مەسعود) ووتی: «ڕێگر لەمە ئەوەیە حەز ناکەم تووشی بێزار بوون وناڕەحەتیتان بکەم، من ماوەی جارێک ئامۆژگاریتان دەکەم، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەمان شتی لەگەڵ ئێمە ئەنجامدەدا، لە ترسی ئەوەی نەوەک بێزار بین».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شەقیقی کوڕی سەلەمە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- لە هەموو ڕۆژانێکی پێنج شەممە ئامۆژگاریانی دەکرد وبیریانی دەهێنایەوە، پیاوێک پێی ووت: ئێمە حەز دەکەین هەموو ڕۆژێک ئامۆژگاریمان بکەیت، ئەویش (ئیبن مەسعود) ووتی: ڕێگر لەمە ئەوەیە حەز ناکەم تووشی بێزار بوون وناڕەحەتیتان بکەم، من ماوەی جارێک ئامۆژگاریتان دەکەم ودەڕوانم بۆ ئەوەی بزانم تا چەندێک پێویستیان بە ئامۆژگارییە وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەمان شتی لەگەڵ ئێمە ئەنجامدەدا، لە ترسی ئەوەی نەوەک تووشی بێزار بوون ببین، چونکە لە کاتی بێزاری وناڕەحەتیدا ئامۆژگاری کردن هیچ سوودێکی نابێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee